# The influence of Shiia political parties on Iraqi's foreign policy

Snoor jamal jalal[1], Salih mala issa[2]
[1] political systems and public policy department ,political science, Salahadin university
[2] political science,salahadin university

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.20*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*This research is devoted to discussing the nature of relations between Iraq and Iran and the interaction and consequences of Iraqi foreign policy towards Iran under the influence of Iraqi Shiite parties. In the research we have tried to present a realistic and de facto analysis through the theory of constructivism. A prominent aspect of the research is focusing on the identity, values and norms of the Shiite sect and the Marja'iyah of Qom and Najaf. Despite the fact that in within the theoretical framework of our research, a good importance has been paid to the identity and term of conservatism, with the treatment of this concept in relation to international relations. Discussing about the Shiite parties of Iraq and the plurality and diversity of different sects in Iraq that have had a major impact on the country's foreign policy, and its general lines It has determined strategic, economic and geopolitical relations with Iran, so we have tried to talk about it seriously. Another major aspect of our discussion is Highlighting the future of Iraqi foreign policy in light of the dominance of Shiite political parties, reflection of Shiite identity on the directions of Iraqi foreign policy, creation of the Shiite crescent, This is the main purpose of the study. At the end of the study, we have reached several conclusions, the most important of which are sect identity in Iraq has covered all spheres, so that the parties are divided into several beliefs, and when voting, citizens are more concerned about their sect identity than their national identity.*

***Keywords:*** *Shiia parties, foreign policy, Iraq, constructivism.*

# کاریگەریی لایەنە سیاسییە شیعییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرانبەر بە ئێران دوای ۲۰۰۳

پ. د. صالح عمر عیسی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، کوردستان salih.issa@su.edu.krd

سنور جمال جلال قوتابی ماستەر، بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، کوردستان Snoor.jalal@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە قسەکردن لەسەر سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران، کارلێک و دەرهاوێشتەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لە بەرانبەر ئێران لەژێر کاریگەریی لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە ڕاڤەیەکی واقیعی و شیکارێکی دیفاکتۆیانە لە ڕێی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمەوە بخەینەڕوو. لایەنێکی دیاری توێژینەوەکە گرنگیدانە بە پرسی ناسنامە، قیەم و بەها، مەزهەبی شیعە و مەرجەعیەتی قوم و نەجەف. سەرەڕای ئەوەی لە چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەدا بایەخێکی باش بە ناسنامە و تێرمی کۆنسرەکتیڤیزم دراوە، لەگەڵ مامەڵەی ئەو چەمکە لەهەمبەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دواتریش گفتوگۆکردن دەربارەی لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق و فرەیی و هەمەچەشنی مەزهەب و تائیفە جیاوازەکانی عێراق، کە کاریگەریی سەرەکیی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەدا هەبووە، هێڵە گشتییەکانی پەیوەندیی ستراتیژی و ئابووری و جیۆسیاسی لەگەڵ ئێراندا دیاریکردووە، بۆیە هەوڵمانداوە بە بایەخەوە لەم بارەیەوە بدوێین. لایەنێکی تری سەرەکیی نێو توێژینەوەکە تیشکخستنەسەر ئایندەی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرانبەر ئێران لەژێر ڕۆشنایی زاڵبوونی لایەنە سیاسییە شیعەکان و ڕەنگدانەوەی شوناسی شیعی لەسەر ئاڕاستەکانی سیاسەتی دەرەوە و دروستکردنی هیلالی شیعییە، کە ئەوەش ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەمانە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان ئەمەبوو؛ شوناسی مەزهەبی لە عێراق سەرجەم کایەکانی گرتووەتەوە، بە جۆرێک کە لایەنەکان بەسەر چەند بیروباوەڕێک دابەشبوون، لەکاتی دەنگدانیش هاووڵاتی هێندەی خەمی شوناسە مەزهەبییەکەیەتی ئەوەندە لە خەمی شوناسی نەتەوەیی خۆیدا نییە.

**وشە سەرەکییەکان:** لایەنە سیاسییە شیعەکان، سیاسەتی دەرەوە، عێراق، کۆنسترەکتیڤیزم

# کاریگەریی لایەنە سیاسییە شیعییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرانبەر بە ئێران دوای ٢٠٠٣

## پێشەکی

سیاسەتی دەرەوەی عێراق دیدگایەکی ڕوون و پتەوی ئەوتۆی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کۆمەڵێک پارت و لایەن و میلیشیا کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە دەرکەوتن و دەستێوەردانیان لە سیاسەتی وڵات کردووە بە تایبەت لایەنە سیاسییە شیعەکان، کە جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست. هەڵبەتە ئەم پارت و لایەنە شیعانە ئەجێندای تایبەت بەخۆیان هەیە. کەم یان زۆر لەژێر هەژموون و کاریگەریی شیعەکانی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئێرانن، بێگومان ئەم پارت و لایەن و میلیشیا شیعانە وەکو حزبی دەعوە، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە خۆی لە (سەرایا سەلام، ڕێکخراوی بەدر، کەتائیبی حزبوڵلای عێراق، عسائیب ئەهل و حەق، ...هتد) دەبینێتەوە. بە جۆرێک و ڕادەیەک وابەستەی وڵاتی ئێرانن و لەژێر کاریگەریی هەژموونی ئێران دان و هەماهەنگییان لەگەڵیاندا هەیە.

کاتێک سیستانی لە ٢٠١٤دا فەتوای جیهادیدا، ئەم فەتوایە بۆ چەندین لایەن و میلیشیای شیعە کە پێشتر دامەزرابوون، ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی ڕەوایەتیی بە خۆیان بدەن و بێنە ناو گۆڕەپانەکەوە، بۆ نموونە سوپای مەهدی. لەگەڵ ئەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی زۆربەی هەرە زۆریان جگە لە سوپای مەهدی و یەک دوو گرووپی دیکە، ئەوانی دیکە ئینتیمایان بۆ ئێران هەیە. هۆکاری ئەم دابەشبوونەی حەشدی شەعبی ئامانجی ئێرانی تێدایە، چونکە بە ئاسانی دەتوانێت کۆنترۆڵی حەشدی شەعبی بکات. ئینتیما و لایەنگریی سەرکردە و میلیشیا و لایەنە سیاسییە شیعەکان بۆ ئێران ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر حوکمڕانی عێراق هەیە، بە تایبەت کاتێک ئەم سەرکردانەی شیعە دەسەڵات دەگرنەدەست، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر پرسی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لەگەڵ ئێران دەبێت. چونکە وەک ئامێرێکن، کە کۆنترۆڵەکەی لەژێر دەسەڵاتدارانی ئێراندا بێت و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی جوڵەیان پێدەکات.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوەکە لەو کاریگەرییانەدایە، کە لایەنە سیاسییە شیعەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق دروستیانکردووە، ئەویش بەهۆکاری بوونی پەیوەندییەکی قوڵی شوناسی مەزهەبی بە وڵاتێکی ئیقلیمی وەکو ئێرانەوە. ئەم وابەستەبوونە شوناسە مەزهەبییە عێراقی دووچاری لێکترازانی مەزهەبی و نەتەوەیی کردووە، هەر لایەنێک بۆ بەرژەوەندیی شوناسە مەزهەبی و نەتەوەیەکەی کاردەکات. ئەمەش بووەتە کێشەی توێژینەوە، کە باسکردنی چۆنییەتی دروستبوونی شوناسێکی نیشتمانی و دوورکەوتنەوە لە شوناسە لاوەکییەکان کە عێراقیان بەرەو وێرانەیی و شەڕی تائیفییەت بردووە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجمان لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بگەینە ئەو ئەنجامانەی کە لە ئاکامی کارلێک و ڕۆڵ و پێگەی پارت و لایەنە سیاسییە

شیعەکان دروستبوون و کاریگەرییان لەسەر پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق هەیە، بە تایبەت کۆی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات (عێراق و ئێران). لەم توێژینەوەدا مەبەستمان ئەوەیە ئەو کاریگەرییانە دەربخەین، کە لە ئەنجامی بەرنامە و ئەجێندای پارت و لایەنە سیاسییە شیعەکان دروستدەبن، دواتر ئەمانە کاریگەرییان لەسەر پرسە هەستیار و گرنگەکانی وڵات بە تایبەت پرسەکانی دەرەوەی وڵات دەبێت. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە گەیشتنە بە شیکارییەکی واقعیانە لە ڕێگەی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمەوە بۆ ئاڕاستەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق، کە خاڵی جیاکەرەوەی توێژینەوەکەمانە لەو توێژینەوانەی کە پێشتر لەم بوارەدا ئەنجامدراون.

**پرسیاری توێژینەوە:** پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیی عێراق بە تایبەت پرۆسەی سیاسیی دەرەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران جۆرێک لە ناسەربەخۆیی پێوەدیارە، زیاتر لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی ئێران دایە. لەم چوارچێوەیەشدا پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکەمان دروستدەبێت. پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوە ئەوەیە؛ لایەنە سیاسییە شیعییەکان چ کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرانبەر بە ئێران هەیە؟.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە چەند پرسیارێکی لاوەکی دروستدەبن. ئایا عێراق دەتوانێت سیاسەتی دەرەوەی خۆی هەبێت، یاخود سەربەخۆ بێت؟ ئایا لایەنە سیاسییە شیعەکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق هەیە؟ ئایا لایەنە سیاسییە شیعەکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر سەقامگیری سیاسی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا بە تایبەت ئێران هەیە؟.

**گرنگیی توێژینەوە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە، کە کاریگەری و دەرفەت و ئاڵینگارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لەژێر ڕۆشنایی باڵە سیاسییە شیعەکان دەخاتەڕوو. ئێران لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی تیۆری ولایەتی فەقیە و کاریگەری خستنەسەر لایەنە سیاسییە شیعەکانی لایەنگر و دڵسۆز بۆ ئێران، هەوڵدەدات هەژموونی خۆی لە عێراقدا فراوانبکات. ئەمەش وایکردووە تاران لە زۆر بواردا سوود لە عێراق وەربگرێت.

**میتۆدی توێژینەوە:** بۆ شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی چەمک و بابەتەکانی ناو توێژینەوەکە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، پشتمان بە چەند میتۆدێک بەستووە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بابەتەکەمان سوودمان لە میتۆدی (وەسفی– شیکاری- مێژوویی) وەرگرتووە، بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەش سوود لە تیۆری (کۆنسترەکتیڤیزم) وەرگیراوە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان سوودمان لە سەرچاوەکانی پەرتووکخانە، گۆڤارەکانی زانستی و ئینتەرنێت وەرگرتووە.

### ١. چوارچێوەی تیۆری

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە سروشتی پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران و کارلێک و دەرهاوێشتەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لە هەمبەر ئێران لەژێر کاریگەریی لایەنە سیاسییە

شیعەکانی عێراق، هەوڵدەدەین لە ڕێگەی بیرۆکە و تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (تیۆری کۆنسترەکتیڤیزم) سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان کاراکتەرەکان و کارلێک و دەرهاوێشتەکان ڕوونبکەینەوە .

## ١.١ تیۆری کۆنسترەکتیڤیزم

کۆنسترەکتیڤیزم یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە دەیەی ڕابردوو. گرنگترین تایبەتمەندیی کۆنسترەکتیڤیزمەکان جەختکردنەوەیە لەسەر ئەنتۆلۆژی و ئەبستمۆلۆژیا. جەخت لەسەر ڕەهەندە مادی و نامادییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە (**صدیقە حسینی، ٢٠١٩**). تیۆری بونیادگەرایی (کۆنسترەکتیڤیزم) لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە. وەک یەکێک لە هەوڵە فکرییەکان سەبارەت بە مشتومڕی نوێ لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت. لایەنگرانی ئەم ڕەوتە نوێیەی شیکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک پردی پەیوەندیی لە نێوان تیۆرە کلاسیکییەکان و تیۆرە نوێیەکان هەژماریدەکەن، بە تایبەتیش لەنێو تیۆرە ڕەخنەییە نوێیەکان، یان ئەوانەی پێیان دەوترێت تیۆرەکانی پاش پۆزەتیڤیزم (ڕیالیزم، لیبراڵیزم)، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وەک تیۆرێکی سەرەکی لە ئەدەبیاتی شیکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان خۆی نمایشبکات. لەڕاستیدا ئەم نووسینە زانستییانە وەکو بنەما و مەرجەعی سەرەکی بۆ بونیادی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزم و دواتر بۆ سیستەمەکانی بونیادی شوناس و پەیوەندی و کارلێکی نێوان کاراکتەرەکان دادەنرێت (**شەماڵ حسێن، ٢٠١٨: ل٤٨٤**).

ئامانجی توێژینەوەی کۆنسترەکتیڤیزم بریتییە لە دووبارە بەکارهێنانەوەی مانا زەینی و دەروونییەکان و دواتر بەبابەتیکردنی. گرنگترین هەوڵ بۆ دەستنیشانکردنی ستراتیژییەکانی توێژینەوەی کۆنسترەکتیڤیزم تا ئێستا کتێبی (کلۆتز و لینچ)[1] لە ٢٠٠٧ بووە. لێرەدا سەرنجی خستۆتەسەر چوار بابەت؛ ئەوانیش بونیاد، دەزگا، شوناس و بەرژەوەندی، لە تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمدا هەریەک لەمانە بەپێی جۆری پرسیارەکە شیکاری بۆ دەکرێت (**حمیرا مشیرزادە، ٢٠١٢: ص٣**).

بەناوبانگترین بیرمەندی ئەم ڕەوتە فکرییەی شیکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (نیکۆلاس ئونف)ە[2] خاوەنی کتێبی جیهان لە دروستکراوی ئێمەدا (world of our making). جەخت لەسەر ڕۆڵی ڕێساکان لە دروستکردنی جیهانی ئێمەدا دەکاتەوە، لە ڕوانگەی ئەوەوە هیچ ئەگەرێک بۆ تێگەیشتن لە جیهان بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ نییە. بەڵکو هەموو کردارەکانی مرۆڤ لە فەزایەکی کۆمەڵایەتیدا دروستدەبن و مانا دەدۆزنەوە، ئەمەش وا دەکات کەم یا زۆر جیهان شێوەی خۆی وەرگرێت یاخود تێگەیشتنمان بۆ جیهان هەبێت (**ابو محمد عسکر خانی، جهانشیر منصور مقدم، ٢٠١٠: ص١٩٥**). چونکە مرۆڤەکان لەناو گرووپێکی کۆمەڵایەتی (نەتەوەیی، ئایدۆلۆژی، ڕەگەزی، کولتووری، ئاینی) دەژین و کارلێکدەکەن وەک

دەوڵەتەکان لەناویشیاندا سەرکردەکان بە جۆرێک کاردەکەن، کە ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، دروستیدەکەن و بەردەوامیپێدەدەن و دەیگۆڕن (**Klotz and Lunch, 2007: P6-7**).

هەروەها زانا (ئەلکسەندەر ونت)[3] خاوەنی هەردوو کتێبی ئەنارشییەت ئەوەیە، کە دەوڵەتان دروستیدەکەن (Anarchy is what states make of it) لەساڵی ١٩٩٢. هەروەها کتێبی تیۆری کۆمەڵایەتیی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی (Social theory of international politics). لێرەدا ئەلکساندەر ڕەخنە لە تیۆری ڕیالیزم و تێگەیشتنەکانی (کینز والتز)[4]دەگرێ. بڕوای وایە کێشەکانی تایبەت بە ئاسایش و سەرهەڵدانی جەنگەکان لە نێوان کاراکتەرەکان سروشتی نین بەڵکو لە ئەنجامی ئەرکێکی پیرۆزە، کە بۆ خۆیان قەناعەتیانپێهێناوە (**پەروێز ڕەحیم قادر، ٢٠٢٠: ل٣٩**). تیۆری کۆنستروکتیڤیزم لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ بووەتە ڕێبازێکی زۆر گرنگ بە تایبەتی لە باکوری ئەمریکا، لەماوەی جەنگی سارددا مۆدێلێکی ڕوون لە هاوسەنگیی هێز لە نێوان هەردوو بلۆکدا هەبووە، کە بە شێوەیەکی ڕێک ئەمریکا و سۆڤیەتی بەڕێوەدەبردن ( **Jackson and Sorensen, 2007: P162**)

ئەمەش واتە تیۆری کۆنستروکتیڤیزم بووە بە دەروازەیەکی تیۆریی دیار لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. لە ڕێگەی پشتبەستن بە تیۆری ڕەخنەیی و دەروازە کۆمەڵناسییەکان، تیۆری کۆنستروکتیڤیزم باس لەوە دەکات، کە جیهان بوونێکی کۆمەڵایەتییانەی لە پاڵ بوونە فیزیکییەکەیدا هەیە، کە ئەویش لە ئەنجامی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروستدەبێت، نەک جیهان خۆی لە خۆیدا بەتەواوی بوونێکی مادی و فیزیکی هەبێت. یەکە و بونیادەکانی یەکتر دروستدەکەن، فاکتەرە ناسنامەییەکان لەوانەش نۆرم، ناسنامە، بەها، بیرۆکە و تێگەیشتنەکان بە گشتی لە دروستکردنی ئەو جیهانەی سیاسەتی نێودەوڵەتی کە بوونی هەیە، بەشدارییدەکەن (**هاوڕێ حەسەن حەمە، ٢٠٢١، ل٤**). هەروەها ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئاڕاستە و ڕەوتێکی نەگۆڕ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرسە جیهانییەکاندا نییە، بەڵکو بەگوێرەی ئاڕاستەی مێژوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمدێت. لە ڕوانگەی کۆنستروکتیڤیزمەوە کۆمەڵگا، سەروەریی دەوڵەت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی زەماندا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بۆیە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆی پەیوەندییەکانی دیکە نەگۆڕنین، بەڵکو بەردەوام لەگۆڕاندان (**عزیز شێخانی، ٢٠١٧**).

### ١.٢ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆنستروکتیڤیزم

کۆنستروکتیڤیزم مامەڵە لەگەڵ ئەوە دەکات، کە چۆن ناسنامە و بەها کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک بە پەیوەندیی دامەزراوەییی ئەوان فراوانبکرێت. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە بۆ یەکتری هەیانە. لە سەرەتای هەشتاکاندا پرۆژەیەکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە لە واقعی دیاردە و ڕەفتارە نێودەوڵەتییەکان هاتەئاراوە. ئەم پرۆژە نوێیە بە کۆنستروکتیڤیزم ناودەبرێت. ئەم هەڵوێستە جەخت لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع دەکاتەوە، کە هەموو کردارەکانی مرۆڤ لە فەزایەکی کۆمەڵایەتیدا دروست و مانادارن. ئەمەش ئەو مانایەیە کە ڕاستییەکانی جیهان

پێکدێنێت، لە تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمدا ناسنامە و نۆرم و کولتوور ڕۆڵێکی گرنگ لە سیاسەتی جیهانیدا دەگێڕن. شوناس و بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان بە نۆرم و کارلێک و کولتوور دروستدەبن و ئەو پرۆسەیەیە کە مەسەلەی کارلێککردن و پەیوەندیی دەوڵەت دیاریدەکات **(محمد، امیر محمدی).**

کۆنسترەکتیڤیزم وەک تیۆرێکی کۆمەڵایەتی زیاتر تیۆرێکی گشتییە سەبارەت بە جیهانبینیی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان بونیات و کاراکتەرەکان. بە پێچەوانەوە تیۆرە زانستییەکانی دیکەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندییان بە چەند ڕەهەندێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە، بەڵام تیۆری کۆنسترەکتیڤیزم هەردوو تیۆرەکەیە، لەلایەک تیۆرێکی کۆمەڵایەتییە لە لایەکی دیکەوە تیۆرێکی زانستییە.

لە تیۆری کۆمەڵایەتیدا، لایەنگرانی کۆنسترەکتیڤیزم جەخت لەسەر بونیاتی کۆمەڵایەتییانەی ئەو واقیعە دەکەنەوە، کە بوونی هەیە. پەیوەندییە مرۆییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە هزر و بەهاکان پێکدێن، نەک بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەمی بارودۆخە مادییەکان یان هێزە مادییەکان بن. ئەمە لە ڕووی فەلسەفییەوە پێکهێنەرەکانی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمە، کە پێچەوانەی فەلسەفەی مادی بەشی زۆری زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دەروازەی زانستییە، کە بە دەروازەی پۆزەتیڤیزم (positivism) دەناسرێن. دەروازەی پۆزەتیڤیزم، ئەو دەروازەیە بانگەشەی ئەوە دەکات واقع (fact) لە بەها (value) جیاوازە، دەکرێت لە کاتی شرۆڤەکردنی زانستیدا لە یەکتری جیابکرێنەوە **(هاوڕێ حەسەن حەمە، ٢٠٢١: ل٨)**. ناسنامە تایبەتمەندییەکی کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکانە، کە ڕەفتارەکان ڕێکدەخات و هاندان دروستدەکات. کەواتە ناسنامەکان گرنگن، چونکە بنچینەی بەرژەوەندییەکان دادەنێت، لە بەرانبەردا بەرژەوەندییەکان لە پرۆسەی بارودۆخی دیاریکراودا دروستدەبن. ناسنامەکان بۆ بەرژەوەندییەکان بنچینەن، لەبەرئەوە ناسنامەکان سەرەکیترن **(Guzzini and Leander, 2005: p94)**. لە ڕێگەی میکانیزمی کارلێکەوە، خەسڵەتە جیاوازەکانی ئەنارشییەت دەتوانرێت لەسەر بنەمای سروشتی جیاوازیی کارلێککردن لە نێوان وڵاتان بەرهەمبهێنرێت، (ونت) پێیوایە ڕەنگە جۆرەها کولتووری ئەنارشییەت هەبێت **(MENGSHU, 2020: p2)**.

هەروەها (ونت) لەگەڵ والتز هاوڕایە، کە دەوڵەتان لە سیستەمێکدا کارلێکدەکەن، کە تایبەتمەندیی سەرەکی تێیدا ئەنارشییەتە، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەنارشییەت بۆ ڕەفتاری (self-help) هاوکاریی خودی سەربکێشێت، هاوڕانییە. (ونت) سێ جۆر چەمکی ئەنارشییەت لە نەبوونی دەسەڵاتێکی مەرکەزی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا دیاریدەکات، وەک کولتووری هۆبز، لۆک، کانت **(هاوڕێ حەسەن حەمە، ٢٠٢١: ل١٢)**. چەمکی یەکەم، لە کولتووری هۆبزدا پێیوایە نەبوونی دەسەڵاتێکی مەرکەزی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا وا دەکات دەوڵەتەکان لە دۆخێکی نادڵنیایی ترسدا بژین، لەو نێوەندەدا هێز گەشەدەکات **(شمال حسين، ٢٠٢٠: ص٧٦٧)**. بۆیە لۆجیکی ئەنارشییەتی هۆبز بریتییە لە (جەنگی هەمووان دژی هەمووان) دەوڵەتەکان دوژمنی یەکترن و جەنگ بەردەوامە، چونکە ململانێ و توندوتیژی ڕێگایەکە بۆ مانەوە، بە بڕوای (ونت)،

ئەنارشییەتی هۆبز تا سەدەی حەڤدە بەسەر سیستەمی نێودەوڵەتیدا زاڵبووە (**Jackson and Sorensen, 2007: P168**).

چەمکی دووەم، لە کولتووری جۆن لۆکدا، ئەم ڕوانگەیە کە لەسەر بنەمای جۆن لۆکە پشت بە بیرۆکەکانی هۆگۆ دەبەستێت، کە دەوڵەت لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا کاراکتەرێکی سەربەخۆ و کاریگەرە، ئەم دەوڵەتانەش لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان ململانێ و شەڕدەکەن، بەلام ئەم کێبڕکێیە لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاساوە دەبێت، کە دەوڵەتان لە نێوان خۆیان لەسەری ڕێکەوتوون (**شمال حسين، ٢٠٢٠: ص٧٦٧**).

واتە بەپێی تێڕوانینی لۆک بۆ ئەنارشییەت، ئەم دەوڵەتانە دوژمنی یەکتر نین و یەکتر لەناونابەن. بەڵکو بۆ ئەوەی بوونیان هەبێت و بەردەوامبن، دان بەیەکتر دادەنێن. ئەم کولتوورەی لۆک سیفەتی سەرەکیی سیستەمی مۆدێرنی نێودەوڵەتییە لە دوای کۆنگرەی ئاشتی ویستفالیاوە لەساڵی ١٦٤٨ (**هاوڕێ حەسەن حەمە، ٢٠٢١: ل١٢**). چەمکی سێیەم، کولتووری کانت، ئەم ڕوانگەیە پشت بە بیرۆکەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانوێل کانت دەبەستێت، کە سیستەمی نێودەوڵەتی وەک کۆمەڵگایەک یان سیستەمێکی جیهانی دەبینێت. جیهان بە گشتی نیشتمانی مرۆڤایەتییە، وای نابینێت، کە نەبوونی دەسەڵاتێکی مەرکەزی واتا ململانێ و ژیان لە یاسای جەنگەڵدا (**شمال حسين، ٢٠٢٠: ص٧٦٧–٧٦٨**).

بە واتایەکی دیکە بە تێڕوانینی کانت دەوڵەتان وەکو هاوپەیمانی لە یەکتری دەڕوانن و لە کاتی هەبوونی مەترسی لەلایەن لایەنی سێیەمەوە پشتیوانی یەکتر دەکەن. ئەم کولتوورە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە نێوان دەوڵەتە لیبڕاڵ دیموکراسییەکاندا سەریهەڵداوە. هەرسێ کولتوورە جیاوازەکە دەکرێت بە شێوازی جیاواز لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بکرێنە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە. شێوازی تێڕوانینی دەوڵەت بە شێوەیەکی سەرەکی لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا ڕەنگدەداتەوە. لە کولتوورەکەی هۆبزدا پابەندییەکی کەم بۆ بەها هاوبەشەکان هەیە. بەلام لە کولتوورەکەی کانتدا پابەندییەکی زۆر بۆ بەها هاوبەشەکان هەیە (**هاوڕێ حەسەن حەمە، ٢٠٢١: ل١٢**). دەکرێت لە ڕوانگەی کولتوورەکەی کانتەوە بڕوانینە پەیوەندییەکانی نێوان شیعەکانی عێراق لەگەڵ ئێران بەهۆی پابەندبوونیان بە کۆمەڵێک بەهای هاوبەش و مەزهەب و ناسنامەی هاوبەش.

سەبارەت بە پێناسەکەی والتز بۆ بونیادی سیاسەتی نێودەوڵەتی کە لە سێ ڕەهەندەوەیە: بنەماکانی ڕێکخستن (ئەنارشییەت یان هەرەمییەت)، بنەمای جیاکاری (فەرمان و وەزیفە سیاسییەکان) چۆن لە نێوان یەکەکان دابەشبووە، دابەشکردنی تواناکان. (ونت) باوەڕی وایە ئەم پێناسەیە ناتوانێت پێشبینی بۆ ڕەفتاری دەوڵەت بکات. کە ئایا دەوڵەت دۆست یان دوژمن یان دان بەسەروەری یەکتر دابنێن، یان پەیوەندیی پشتاوپشت لە نێوانیاندا هەیە. بە بۆچوونی (ونت) ئەم فاکتەرانە فاکتەری کۆمەڵایەتین و کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی دەوڵەت دەبێت. لە پێداچوونەوەیەکی گرنگدا بۆ تیۆرەکەی والتز، ستیڤان وۆلت (Stephen walt)[5] خاوەنی تیۆری هاوسەنگیی هەڕەشەکان بە پێچەوانەی مامۆستاکەیەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە

هاوسەنگیی هەڕەشەکان، کردارەکانی دەوڵەت دیاریدەکات نەک هاوسەنگیی هێز. (ونت) باوەڕی وایە ناوەرۆکی تیۆرەکەی ستیڤان وۆلت بە مانای ئەوە دێت هەڕەشەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبن. بە بۆچوونی (ونت) بەبێ لەبەرچاوگرتنی بونیادی ناسنامەکان و بەرژەوەندییەکان لە سیستەمەکەدا، پێناسەکەی والتز ناتوانێت پێشبینی بۆ ناوەرۆکی ئەنارشییەت بکات. بەبۆچونی (ونت) سیستەمی خود هاریکاری (self help) بونیادێکی کۆمەڵایەتییانەیە (Wendt, 1992: p396).

## ٢. ڕەنگدانەوەی شوناسی شیعی لەسەر ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرانبەر بە ئێران

### ٢.١ لێکترازانە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان

ئاشکرایە عێراق دەوڵەتێکە پڕە لە نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز، واتە دەوڵەتێکی فرەچەشن و فرەڕەنگ و پڕ جیاوازییە. دەکرێت بڵێین دەوڵەتێکە پڕە لە شوناسی جیاواز. ئەگەرچی لە عێراقدا دەستوورێکی هەمیشەیی هەیە، بەڵام چارەسەری کێشەی شوناسی نەکردووە، بەڵکو ئەمە لە کابینە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا بە شێوەی دیفاکتۆ ڕەنگیداوەتەوە، کە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کورد، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ عەرەبی شیعە و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ عەرەبی سوننە، بۆیە دەبینین لە تەواوی هەڵبژاردنەکاندا لە (٢٠٠٥ تا ٢٠٢٢) ئەمە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە تاکی عێراقی لەسەر بنەمای شوناسی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی دەنگ بە پارت و لایەنە سیاسییەکان دەدات، نەک لەسەر بنەمای دیموکراسی بوون و ئازادی لە هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە پێکهاتەی شیعە توانییان هەژموون و باڵادەستیی خۆیان بەسەر تەواوی جومگە سەرەکییەکانی سیستەمی سیاسیی نوێی عێراقدا بسەپێنن، بۆ دروستکردنی شوناسێکی شیعی بۆ عێراق کاربکەن (**یاسین ئاشور جەوهەر، ٢٠١٩: ل٤٨٤**).

ئەمەش وایکردووە جۆرێک لە لێکترازان و دوورکەوتنەوە لە نێوان ئاین و مەزهەبەکاندا ڕوویدات. واتە هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم لێکترازانە بوونی فرەناسنامەییە لە دەوڵەتی عێراقدا، کە هەر نەتەوە و ئاین و مەزهەبێک ئینتیما و پەیوەستیی تەواوی بە خودی ناسنامەی ئاینی و مەزهەبەکەی خۆیەوە هەیە. دواجار ئەم فرەناسنامەییە کاریگەریی بەسەر گشت دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەبووە. لە عێراقدا ئاین و ڕەهەندەکانی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر پرۆسەی نیشتمانی و شوناس هەبووە، چونکە بە گشتی لە عێراقدا وابەستەیی زۆر بە ئاین و مەزهەب هەیە، کە قورسایی خۆی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕیزبەندیی پەیڕەوانی ئاین و مەزهەبەکان هەیە، لەبەرئەوە نەک تەنها بزووتنەوە ئاینییەکان کەڵکیان لە ئاین بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای خۆیان وەرگرتووە، بەڵکو هەندێ حزب و ڕێکخراوە سکۆلارەکانیش ئاین و پیاوانی ئاینی و پەیامەکانیان بۆ خزمەتی سیاسەت و تێگەیشتنەکانیان بەکارهێناوە (**شێرکۆ کرمانج، ٢٠١٦: ل٥٦١**).

لەژێر ئەم کاریگەرییە مەزهەبییەدا دەکرێت بڵێین؛ لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق لە ڕوانگەی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمەوە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا لەسەر بنەمای شوناسی مەزهەبیی شیعی لەگەڵ ئێراندا ڕەفتاردەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەسەر بنەمای هزری و نۆرم و بەها و شوناسی شیعە بێت، کە ئەمەش وا دەکات پەیوەستبوونێکی جدی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەبێت، دۆست و دراوسێیەکی تاڕادەیەک جێگەی متمانەی یەکتر بن. بە گشتی شوناسە خۆرهەڵاتییەکان ترسیان لە ئالۆدەبوون بە شوناسێکی دیکە هەیە، کە دەبێتە هۆی سڕینەوەی خودی شوناسەکەی خۆیان، هەروەک چۆن ناسیونالستێکی فارس ترسی هەیە لەوەی عەرەب بوون شوناسی ئێرانی کاڵبکاتەوە، یان عەرەبێکی فاشستی ترسی هەیە لەوەی جوبوون شوناسی ئیسلامی پیسبکات. لێرەدا جێگەی باسە بڵێین کە هەر شوناسێک بۆ ئەوەی بەردەوامیی خۆی بسەپێنێت، کار لە شوناسێکی دیکە دەکات، یاخود وردتر بڵێین دەست بۆ شوناسێکی دیکە دەبات **(بەختیار عەلی، ٢٠٢١: ل١٦-١٧)**. بەم جۆرەش ئێران هەوڵدەدات لە ڕێگەی شوناسی مەزهەبییەوە بەردەوامی بە شوناسی ئێرانیبوونی خۆی بدات، ئەویش بە کارکردن لەسەر شوناسی عەرەبیی عێراقی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ویلایەتی فەقیە، ڕاکێشانی وەلائی شیعەکانی عێراق بە لای خۆیدا. لای شیعەی عێراق هاوشێوەی شیعەی سەرجەم دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پاکستان و ئەفغانستان شوناسی ئاینی شیعەگەرایی جێگەی شوناسی نەتەوەیی گرتووەتەوە، هەروەک چۆن هەر نەتەوەیەک ئامانجی ئەوەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا شوناسی خۆی بەرجەستەبکات، ئەوا پەیڕەوانی مەزهەبی شیعەش لە هەر جێگەیەکی ئەم جیهانە بن، بە شیعەی عێراقیشەوە دەیانەوێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی فەقیەدا شکۆی مەزهەبگەرایی خۆیان پێناسەبکەنەوە **(فەرهاد مەحەمەد، ٢٠١٨)**.

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین، مۆرکی مەزهەبی یاخود شوناسی مەزهەبی لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا سەردەمی بەعسییەکان تا ئەو ڕادە زۆرە زاڵنەبووە، بەڵام دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکانەوە شوناسی مەزهەبیی سوننەگەرایی لە ئایدۆلۆژیای بەعسدا زاڵبووە، کە هەوڵیاندەدا کەڵک لە سوننەگەرایی بۆ مەرامی خۆیان وەرگرن، هەروەها بۆ کاڵکردنەوەی مەزهەبی شیعی کاریانکردووە، بەڵام دواجار دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بووەوە، شیعە جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست و هۆکاری مەزهەبگەرایی بە ئاشکرا لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا دەرکەوت، ئەم جارە سوننەکان کرانەئامانج. سیاسەتی مەزهەبگەرایی و بەمەزهەبکردنی دەوڵەتی عێراق و شکاندنەوەی بە لای شیعەکاندا، سوننەکانی بەرەو قۆناغێکی ناهەموار و نائومێدی بردووە، بە جۆرێک شوناسی مەزهەبی نەک تەنیا کایەی سیاسی، بەڵکو کایەی سەربازیشی گرتووەتەوە، بە تایبەت دوای هاتنی داعش و دروستکردنی حەشدی شەعبی وەک قەوارەیەکی چەکداریی شیعەکانی عێراق هەڵوێستی مەزهەبییان بەرانبەر بە سوننە. لە ئایندەدا بە هۆی هەژموونی ئێران لە عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی سوننەکان بکەونە بەر پەلامار و دەرفەتی هەستانەوەیان لەباربرێت، چونکە حەشدی شەعبی

هەڵگری ناوی ڕێکخراوێکی مەزهەبیی چەکداریی شیعەگەراییە، کە تەواوی دروشم و ئارمەکانیان هەڵگری ئەنگێزەی تایەفەگەرییە و ئینتیمای تەواویان بۆ ئێران هەیە **(بەرزان مەلا تەها، ٢٠١٨ a)**.

گومانی تێدانییە، کە بەردەوامبوونی سیستەمێکی سیاسی لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ، زۆرتر لە هەر هۆکارێکی دیکە بۆ دروستبوونی شوناسی نەتەوەیی لە وڵاتدا دەگەڕێتەوە. بارودۆخی ئێستای عێراق و دروستنەبوونی شوناسی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا بۆ ئەنجامی دەستێوەردانی دەرەکی دەگەڕێتەوە، بۆیە لەم وڵاتەدا لە سەرەتای دروستبوونییەوە، تاکو ئێستا شوناسی نەتەوەیی دروستنەبووە **(جلیل عەباس نادر، ٢٠١٨)**. سەبارەت بە شوناسی عێراق و کاڵبوونەوە و زاڵبوونی شوناسی شیعی، (غازی فەیسەڵ حسێن) ڕاوێژکار لە ناوەندی عێراقی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان دەڵێت: کەمکردنەوەی شوناسی عێراقی یەکێکە لە مەترسیدارترین ئەو شتانەی ئێران و میلیشیاکانی سەر بە ئێران مەبەستیانە بەدەستیبهێنن، هەروەها ڕایگەیاند ماوەیەکە ئێران هەوڵدەدات بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیە لەناو شیعەکانی عێراقدا، هەڵبەتە بۆ ئەوەی بە تەواوی بۆ ئێران دڵسۆز بن و زاڵبێت بەسەر نەجەفدا **(فارس عومران، ٢٠١٩)**.

سوننەکان لەو باوەڕەدان ئەوەی لە عێراقدا دەگوزەرێت پەلکێشانی هەژموونی مەزهەبی شیعەگەرایی ئێرانییە، کە دەیەوێت شەپۆلی شیعەگەرایی بە تەواوی لە ناوچەکەدا برەوپێبدات و شوناسی تایفی و مەزهەبی شیعە بە تۆخی لە عێراقدا بەرجەستەبکات. لە کاتێکدا شوناسی مەزهەبی شیعەگەرایی تەواوی جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەگرتووە **(بەرزان مەلا تەها، ٢٠١٨ b)**. دەتوانین بڵێین، کە سروشتی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و ستراتیژ و پلانی کارکردنی پارتە سیاسییەکان و دەستێوەردانی دەرەکی لەلایەن وڵاتانی دراوسێ، هەروەها دابەشکردنی پۆستەکانی حکومەت لە نێوان پێکهاتەکان لەسەر بنەمای تەوافق، فەشەلی ئەدای کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەت لە دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان، هۆکاری سەرەکی قوڵبوونەوەی شوناسە لۆکاڵییەکان بوون، چونکە هەموو ئەمانە بەیەکەوە ڕێگەخۆشکەر بوون و هەلیان ڕەخساند، کە تاکی عێراقی هەستکردن بە خود و شوناسی خۆی لەناو پانتاییی شوناسی عێراقیبووندا نەدۆزێتەوە، بەڵکو خودی خۆی لەناو ئینتیما و لایەنگیریی لاوەکی بدۆزێتەوە، ئەمەش گەورەترین گورزی کوشندە لە بەردەم دروستکردنی شوناسێکی نیشتمانی بوو. هەروەک باسمانکرد شوناسی نیشتمانیی عێراق مەترسیدارترین خاڵە، کە ئێران و میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەستی بۆ ببەن، بۆ ئەوەی شوناسی مەزهەبگەرایی شیعە و ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیە لە ناو شیعەکانی عێراقدا بڵاوبکەنەوە، لەم ڕێگەیەوە دڵسۆزییان بۆ ئێران بەدەستبهێنن **(یاسین ئاشوور جەوهەر، ٢٠١٩: ل٤٨٥)**.

سەرئەنجام دەکرێت بڵێین؛ ئەو میلیشیا و لایەنانەی سەر بە ئێرانن، لەسەر بنەمای گرنگیدان بە شوناسی مەزهەبی و شیعی بۆ ویلایەتی فەقیە دڵسۆزن، بەردەوام هەوڵدەدەن گرنگی بە تایەفەگەری و شوناسی مەزهەبی بدەن، لە بەرانبەردا شوناسی عێراقی کەمبکەنەوە. هەروەک پێشتر ئاماژەمانپێدا ئێران هەوڵدەدات بۆ بڵاوکردنەوەی تیۆری ویلایەتی فەقیە و کاریگەریی

لەسەر کولتور و شوناسی نەتەوەکانی دیکە دابنێت، ئەمەش وایکردووە شوناسی شیعی لە تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتدا ڕەنگدانەوەی هەبێت.

### ٢.٢ دروستکردنی هیلالی شیعی

هیلالی شیعی، دەستەواژەیەکی سیاسییە، بۆ یەکەم جار لەلایەن شای ئوردن (شا عەبدوڵڵای دووەم) لە سەردانێکیدا بۆ ئەمریکا لە سەرەتای مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) بەکاریهێنا، کە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنەسەر حوکمی شیعەکان لە عێراق، مەبەستی (شا عەبدوڵڵا) لەو لێدوانە دەربڕینی ترسی خۆی بوو سەبارەت بە هاتنەسەر حوکمی دەوڵەتێکی عێراقی بە هاریکاریی ئێران، کە دواجار ئەو دەوڵەتە عێراقییە و ئێران و ڕژێمی بەعسی سوریا لەگەڵ شیعەی لوبنانی ئەو شێوە هیلالییە لە دەسەڵاتی شیعە تەواودەکەن، کە بۆ سەر وڵاتانی تری سوننە لە ناوچەکە دەبێتە مەترسی، هەروەها دروستبوونی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە پێدەچێت گۆڕانکاریی ڕوون و بەرچاو لە نەخشەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکەدا ڕووبدات **(یحیی معروف، ٢٠١٣: ص٢٦٩)**.

لە دوای لێدوانەکەی (شا عەبدوڵڵا) ئەم دەستەواژە سیاسییە لەلایەن زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی بەکاردەهێنرا، هەموویان ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو، ئەگەر شیعەی ئێران و عێراق یەکبگرن (لەکاتێکدا لە جەنگی عێراق و ئێراندا بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە دژی یەکدی دەجەنگان)، ئەوا دەبێتە مایەی مەترسییەکی گەورەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ سەر کۆی ئەو وڵاتە ئیسلامی و عەرەبییانەی شیعە تێیاندا کەمینەن، بە تایبەتی میسر و سعودیە. پێش دروستبوونی ئەم دەستەواژەیە لەناو وڵاتە شیعەکاندا، دەستەواژەیەکی گشتگیرتر بۆ ئیسلام بە ناوی یەکێتیی موسوڵمانان یاخود گشتگیریی ئیسلامی هەبوو، ئەمەش پاش چەندین دەیە کەوتنە بەر سایە و سێبەری دەستەواژەکە و فەرامۆشبوونی **(أسامة شحادة، ٢٠٠٨: ص١٣٨)**. ئیدی ئەوە بووە هۆی هاتنەئارای دەستەواژەی هیلالی شیعی، کە لێدانێک بوو لە چەمکی گشتگیریی ئیسلام.

ئەو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییانەی ترسیان لە هیلالی شیعی هەبوو، پێیانوابوو نەخشەی هیلالەکە سەرەتا لە ئوردنەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کوێت. بە واتایەکی تر وڵاتانی ئێران، سوریا، بەحرەین، عێراق، یەمەن و لوبنان دەگرێتەوە **(ئەنوەر حسێن، ٢٠٢١: ل١٢)**. داینەمۆی فکرەکەش سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، ئەمەش پاش ئەوەی یەکەم حکومەتی عێراق لە دوای ڕژێمی بەعس هەڵبژێردرا، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا حکومەتێکی شیعی بوو، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی عێراق ببێتە شوێنی لەدایکبوونی دەستەواژەکە.

سەبارەت بە مەترسیی ئەم دەستەواژەیە لە نیسانی ٢٠٠٦ سەرۆکی میسر لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (ئەلعەرەبییە)دا ڕایگەیاند، کە زۆربەی ئەو شیعانەی لە وڵاتانی عەرەبی دەژین دڵسۆزترن بۆ ئێران تا بۆ وڵاتی خۆیان، هەروەها ڕایگەیاند شیعەکانی عێراق لەژێر کاریگەریی ئێراندان **(جهان نیوز، ٢٠١٥)**. بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەری (دەوڵەت بەهار)، کە لە (مەحمود

ئەحمەدی نەژاد) سەرۆکی ئەوکاتی ئێران نزیکە، (عەلی جەعفەری) فەرماندەی سوپای پاسداران بە فەرمی ڕایگەیاند، کە هیلالی شیعی پێکدەهێنرێت، ڕایگەیاند پەرەپێدانی هیلالی شیعی شمشێرێک دەبێت بەر دڵی ئیسرائیل دەکەوێت، هەروەها ڕایگەیاند، کە ئەوان بە دوای پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتەوە نین، بەڵکو دەیانەوێت شارستانییەتی ئیسلامی لە ناوچەکە و جیهان پێکبهێنن (کورد و کوردستان، بڕوانە ماڵپەڕی سەرەکیی حزبی دیموکراتی کوردستان). زۆرجار ئەم دەستەواژە لەلایەن ئەو کەسانەوە بەکاردێت، کە هەوڵدەدەن جۆرێک لە مەترسیی توندبوونی پەیوەندیی شیعەکانی عێراق لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بە تایبەت لەگەڵ ئێران دروستبکەن. داتاشینی ئەم دەستەواژە سیاسییە تەنها بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی ڕای گشتی ڕووەو دوژمنێکی وەهمییە، کە ئەویش ئێرانە **(بڕوانە ماڵپەڕی سەرەکیی ویکی شیعە)**.

دەکرێت بڵێین، ئەگەرچی وشەی (داگیرکاری) وەسفێکە کەمترە لە دەربڕینێک سەبارەت بە بوونی هەژموونی ئێران لە عێراقدا، چونکە داگیرکاریی ئەمریکا شتێکی ڕوون و ئاشکرا و دیار بوو، بەڵام داگیرکاریی ئێران شاراوە و پەنهان و مەترسیدارترە، چونکە شادەماری هەموو کایەکانی ژیانی عێراقییەکانی گرتووەتەوە، هەر لە کایەی سیاسییەوە تا بە بوارەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئایینی دەگات، ڕۆچۆتە ناو ورد و درشتی ژیانیانەوە **(السيد أبو داود، ٢٠١٤: ص١٤٣)**. جێگەی باسە (قاسم سولیمانی) یەکێک بوو لەو سەرکردانەی، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرەوپێشچوونی هیلالی شیعی هەبوو، هەروەک وەزیری دەرەوەی ئێران (محمد جواد زەریف) ڕایگەیاند هۆکاری کوژرانی سولیمانی لەلایەن ئەمەریکاوە بە هۆکاری پەکخستنی هیلالە شیعەکە بوو، چونکە (قاسم سولیمانی) هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ بەیەکەوە بەستنی هەموو شیعەکانی ناوچەکە. ئەگەرچی هەندێک لە شرۆڤەکاران وای بۆ دەچن، کە ئەم پرۆژەیە ڕێڕەوی خۆی وەرگرتووە، نە بە کوژرانی (سولیمانی) نە بە جەنگی ئێران و ئەمریکا کۆتایی نایەت **(بروا کەمال، ٢٠٢٠)**.

لە لایەکی دیکەوە لە ساتەوەختی بڵاوبوونەوەی دەستەواژە سیاسییەکە، سەرکردە شیعییەکانی جیهان بەپەلە کەوتنەخۆیان و کاردانەوەی توندیان سەبارەت بەو دەستەواژەیە نواند، چونکە کاریگەریی گەورەی دەکردە سەر سیاسەتە دەرەکییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و وڵاتانی تری شیعە، ئەوە بوو (حەسەن ڕۆحانی) سەرۆکی ئەو کاتی ئێران لە شەشەمین مەجلیسی جیهانی (ئەهل بەیت)دا ڕایگەیاند، بەکارهێنانی هیلالی شیعی بۆ دروستکردنی دووبەرەکییە لە ناوچەکەدا، ئێمە هیلالی شیعەمان نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە مانگی (بەدری ئیسلامی)یە **(جام جم آنلاین، ٢٠١٥)**. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەکرێت وا بڕوانینە ئەم دەستەواژەیە (هیلالی شیعی)، کە ئەو بەرە بەرگرییە بوو، ئێران بۆ گوشار خستنەسەر وڵاتانی ناوچەکە دروستیکرد، بە ئامانجی ئەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان لەخۆی دووربخاتەوە، بۆیە هیلالی شیعی دەبێتە دەروازەیەک بۆ گەیشتن بە سەقامگیریی شوناسی و ئاسایشی فقهی شیعی. ئێران بۆ زیاتر کردنی هەژموون و باڵادەستیی خۆی لە عێراقدا هەمیشە گرنگی بە پرسی مەزهەبگەرایی داوە، بە تایبەتیش شوناسی مەزهەبیی شیعی. تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی سەرکەوتووبێت. بە تایبەت توانیویەتی

کاریگەریی لەسەر ئەو لایەنە شیعانەی لە عێراقدا لە دەسەڵاتدان دروستبکات. دواجار ئەمەش کاریگەریی لەسەر پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق و پەیوەندییەکانی هەردوولا هەبووە.

لە ڕوانگەی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمەوە، ناسنامە بە کارلێککردن لەگەڵ کاراکتەرەکانی دیکە دروستدەبێت، واتە لەسەر بنەمای پەیوەندیی دەوڵەت و نەتەوەکانی دیکە بەرهەمدێت، بۆیە تاکو ناسنامەکان لەسەر بنەمای جیاوازی و ناکۆکی بێت زیاتر بە ئاراستەی ململانێ و جەنگ دەڕوات، بەڵام ئەگەر ناسنامە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هاوبەش و لێکچوونی بەهاکان بێت، ئەوە بەرەو لێک نزیکبوونەوە و هاوکاری و ئاسایش دەچێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت وا بڕوانینە ناسنامەی شیعی و فقهی سیاسیی شیعی، بە شێوەیەک کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراق و چۆنییەتی جێبەجێکردنی هەبووە و دیاریکردنی کێ دۆستە کێ دوژمنە، هەروەها دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لەسەر بنەمای بەها و شوناسی شیعی و بارودۆخی ئاسایشی نێوانیان. دواتر بەم پێوەر و بەهایانە چوارچێوەی هەڵسوکەوتی دەوڵەتی عێراق دیاریدەکات. سەرەنجام دەکرێت بڵێین ئامانجی پشت بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بەردەوامیدانە بە ململانێ مەزهەبگەراییەکان، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ناوچەکە بخەنە شەڕێکی مەزهەبی قووڵەوە، دواتر بۆ چەند هەرێم و کانتۆنێک دابەشیانبکەن.

## ٣. دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرانبەر بە ئێران

ئەم باسە بۆ قسەکردن لەسەر ئاڵنگارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق تەرخانکراوە. ئاشکرایە سیاسەتی دەرەوەی عێراق ڕووبەرووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دەبێتەوە، دواتریش تیشکدەخەینەسەر دەرفەتەکانی سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەوەی عێراق.

### ٣.١ ئاڵنگارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرانبەر بە ئێران

سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک پایەیەکی سەرەکییە لە سیاسەتی گشتیی دەوڵەتەکە، هەر ئەویشە پێگە و قورساییی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دیاریدەکات، لەبەرئەوە قسەکردن لەسەر ئەم دەستەواژە و ئاڵنگارییەکانی گرنگییەکی هەمەچەشنیی سەبارەت بە هەر ئاڵنگارییەکی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە، بە تایبەت لە دۆخی سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا، کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە، تاوەکو ئێستا بەردەوام بە دوای دەرچەیەک بۆ سەربەخۆبوونی ئەو پرسە گشتییە دەگەڕێت، کە پەیوەندیی بە ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە، هەر ئەو سەربەخۆبوونەش هێڵە گشتییەکانی کایەی ئابووری، بازرگانی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و...هتد، ڕەنگڕێژدەکات، بە کۆمەڵە بڕیارێکی سیاسی لە پێناو بەخشینی شوناس و سەروەریی هەر وڵاتێک. ئاشکرایە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی هەر هێزێکی نێودەوڵەتی بە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی دەرەکی کاریگەرە، ئەمەش خۆی لە کۆمەڵێک کۆت و بەند و نۆرم و ئامانج و هەڵسوکەوتی یەکە نێودەوڵەتییەکان و سروشتی هەر ڕژێمێکی سیاسیدا دەبینێتەوە. لە ساتەوەختی ڕووخانی ڕژێمی

پێشووی عێراق، ئێران لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەدا بوو، کە پێشوازی کردووە و پشتگیری خۆی بۆ گەلی عێراق و بابەتی دانان بە ئەنجومەنی حوکم و حکومەتەکانی داهاتوو ڕاگەیاندووە، لە هەمانکاتدا عێراق کاری بۆ چالاککردنی پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات کردووە، کە گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، سەرەڕای هاریکاریی نێوانیان **(یاسر عبدالحسين، ٢٠١٥: ص٢٥٤)**.

ژینگەی هەرێمایەتی (ئیقلیمی) یەکێکە لەو ئاڵنگارییانەی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بارگاویدەکات، چونکە پەیوەندیی عێراق بە درێژاییی مێژوو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا پەیوەندییەکی لەبار نەبووە، بەهۆی ئەو جەنگ و کاولکارییانەی بەرۆکی وڵاتەکەی گرتووە، نەتوانراوە هەوڵ و تەقەلاکان لە پێناو ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکە یەکبخرێت، بە چەشنێک نەک تەنها لەگەڵ ئێران، بەڵکو لەگەڵ زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکانی هاوسێی بەردەوام لە کێشە و ململانێی سیاسی، ئابووری و سەربازیدا بووە، هەروەها کێشە و ململانێ سنوورییەکان لەگەڵ ئێراندا بەشێکە لە هەڵوێستی جیۆپۆلەتیکی عێراق و زۆرجار دەبێتە پاڵنەرێکی سەرەکیی ناسەقامگیریی سیاسی لەگەڵ ئێران. نموونەی ئەوە وشککردنی ڕووباری (ئەڵوەند)ە لەلایەن ئێرانەوە، کە گرفتێکی گەورەی بۆ سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق دروستکردووە.

لەنێو ئەو هۆکارانەی کێشە و ململانێکانی نێوان عێراق و ئێران و مەترسیی ئێران لە لەدایکبوونی عێراقێکی نوێ زیاددەکات، بوونی پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوی وڵاتەکەیە لەگەڵ لایەنی ئەمریکی، کە پێدەچێت بۆ ئێران هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بێت لەپاڵ کۆمەڵێک هەڕەشەی تری وڵاتانی دراوسێی ئێران، کە ئەو وڵاتە پەیوەندییەکی ناتەبای لەگەڵیاندا هەیە **(محمد حسين الوحيلي، ٢٠١٦: ص١٨٩)**. لە دوای ساڵی ٢٠١٣، پێکهاتە و بونیادی ڕژێمی سیاسی لە عێراقدا بە کۆمەڵێک کارتێکەری ناوخۆیی و مۆدێلی سیاسی و ئابووری ڕەنگرێژبوو، دیموکراسیەتی نوێی عێراق ڕووبەڕووی جۆرێک لە لێکترازانی هزری و ئایدۆلۆژی و تائیفەگەری بووەوە، تەنانەت لە ڕێی دەستوری دەوڵەتیشەوە نەدەتوانرا بەر بەو ناکۆکییە سیاسییانەی نێو گرووپە شیعییەکانی عێراق بگیرێت، هەموارکردنەوەی دەستوریش ببوو بە شتێکی مەحاڵ، عێراق لە ڕووی ئاسایش و سیاسییەوە ڕۆچووبوو. سیاسەتوانان و دیپلۆماتکارانی عێراق نەیانتوانیوە دیدگایەکی ڕوون بەو ئاڵنگارییانە بدەن، کە لە بەردەم سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەکی لە عێراقدا هاتبووە پێش. هەمووان لە بەردەم ئەو دۆخە پڕ لە فەوزاگەرییەی وڵاتدا دەستەوەستان بوون، ئێرانیش بەردەوام ئەو هەلانەی دەقۆستەوە، کە ڕێگەنەدات بەوەی عێراق سەقامگیری لە سیاسەتی دەرەوەیدا بەخۆوە ببینێت. ئاشکرایە ئێران لە ڕێگەی ئەو سەرکردە سیاسییە شیعانەی لە ئێران ژیاون، کاریگەریی لەسەر سەرجەم ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق هەیە، ئەوەش لە ڕێی ئەو پشتگیرییە سەربازییانەی بۆ ئەو گرووپە چەکدارانە لە شەڕی داعشدا هەیبوو، سەرەڕای ناردنی چەکدار بۆ عێراق **(رقولي كريم و غليسي أحلام، ٢٠٢١: ص٣٦١)**.

سیاسەتی دەرەکیی عێراقی لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٤ کۆمەڵێک ئاڵنگاری لە کایەی سیاسیدا بەخۆوەبینیوە، کە قورسە بە پشتبەستن بە هەر تیۆرێک لەبارەی ئەو سیاسەتەوە

بدوێین، چونکە هەموو ئەمانە تێکەڵەیەک بوون لە پێکدادانی بەرژەوەندیی هێزە سیاسییە ناوخۆییەکان (**سعد عبيد السعيدي وآخرون، ٢٠١٨: ص٢٨**). لەبەرئەوە یەکێکی دی لە ئاڵنگارییە ناوخۆییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەکیی عێراق لە بەرانبەر ئێراندا، بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پارت و لایەن و میلیشیا و هێزی سیاسیی کاریگەرن لە سیستەمی حوکمڕانیدا، کە وای لە عێراق کردووە پێکهاتەیەکی چنراوی چۆنییەکی لە بڕیاردانی سیاسیدا نەبێت، ئەوەش بەهۆی چەند بنەمایەکی ئاینی و تائیفی و نەژادی، کە بووەتە مایەی جیاوازییەکی گەورە لە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی هەریەک لەو لایەنانە، سیاسەتی دەرەوەی وڵات بە جۆرێک ئیفلیجبووە، کە توانای بڕیاردانێکی سەرتاسەری نییە، بەشێوەیەکی گشتی مەرجەعە ئاینییەکان، سەرۆک وەزیران، گرووپ، دەستە و تاقمە چەکدارییەکان بە گرنگترین یاریزانی سەرەکیی گۆڕەپانی نێو پەرەسەندنە سیاسییەکانی عێراق هەژماردەکرێن.

دیدگای تیۆری کۆنسترەکتیڤیزم بۆ ڕاڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە دەرەکییەکان جەختکردنەوەیە لەسەر بونیادی مادی و بەرژەوەندی و بەها کۆنسترەکتیڤیزمەکان، پێیانوایە ناسنامە و بەرژەوەندیی پێشوەختە نییە، بەڵکو لە ئەنجامی پرۆسەی کارلێک و پەیوەندیی نێوان کاراکتەرەکانەوە دروستدەبێت، لەبەرئەوە ناسنامە بۆ بەرژەوەندییەکان خاڵی بنەڕەتییە، بۆیە ناسنامەکان پێشەنگترن. بەرژەوەندییەکان هەڵقوڵاوی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەن، کە کاراکتەرەکان تێیدا دەژین، بەپێی تێگەیشتنیان بۆ ئەو بارودۆخەی هەیە، بەرژەوەندییەکان دیاریدەکەن. لەم ڕوانگەوە دەتوانین وا شرۆڤە بۆ دۆخی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بکەین، بوونی ژمارەیەکی زۆر پارت و لایەنی سیاسیی شیعی وایکردووە، کە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی سیاسیی جیاواز هەبێت، کە هەڵقوڵاوی ئەو ژینگە و بارودۆخەیە، کە ئەم لایەنە شیعانەی تێدا دەژین. ئەمە یەکێکی دیکەیە لە ئاڵنگارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق، کە وا دەکات بڕیاربەدەستانی عێراق نەتوانن بە ئاسانی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق و پرسەکانی دەرەوە بدەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی ئەو لایەنانە و ناسنامەی مەزهەبگەرایی شیعە.

ڕەهەندی ئیقلیمی لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقی لە ساڵی ٢٠٢١، وردە وردە ڕووکاری خۆی ئاشکراکرد، بەڵام لەپاڵ ئەوانەشدا فشاری ئێران، لایەنە سیاسییە شیعەکانی لایەنگری ئێران، (کازمی)یان ڕووبەڕووی ژمارەیەک ئاڵنگاریی ناوخۆیی و دەرەکی کردەوە، بە تایبەتی لە دوای کوشتنی (قاسم سلێمانی) فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران. ئەمەش وایکرد هەنگاوەکانی حکومەتەکەی کازمی دوورمەودا نەڕوات، جارێکی دیکە دەرفەتی سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەوەی عێراق ئاڵۆزی سیاسی بەخۆیەوە بینی.

ماڵپەڕی شەفەق نیوز لە هەواڵێکیدا، کە لە مانگی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ سەبارەت بە ململانێی باڵە شیعەکانی عێراق بڵاویکردووەتەوە، کە ئاماژەی بە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی)ی ئەمریکی داوە بە ناونیشانی (عێراق لە لێواری جەنگێکی ناوخۆیی شیعی نزیکدەبێتەوە)، نووسیویەتی: ململانێی ئەم دواییانەی عێراق دەربارەی هەژموونی ئێرانییە لە وڵاتدا، ئەو ڕکابەرییە توندەی لە نێوان موقتەدا سەدری سەرۆکی ڕەوتی سەدر و ئێران هەیە، بڕیار لە

داهاتووی عێراق دەدات. گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەدات، کە سەدر وەک نمایشێک بۆ دەرخستنی هێزەکەی، لەماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕۆژی ٢٩ی ئابی ٢٠٢٢ بەغدای کرد بە گۆڕەپانی جەنگ، ئەمە پێش ئەوەی بۆ ڕۆژی دواتر داوا لەلایەنگرانی بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. گۆڤارەکە پێیوایە ئەو ڕووداوانەی بوونەتە مایەی تەنگژەکانی ئەو دواییە دەرخەری جەنگێکی (جیۆسیاسی)یە لە نێوان هەوڵەکانی ئێران و بەغدا، لەسەر بنەمای دامەزراندنی حکومەت لە بەغدا **(شفق نیوز، ٢٠٢٢)**. لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی سەرجەم حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقە، هەوڵبدەن لە بوژاندنەوەی ناوخۆییەوە دەستپێبکەن، لە ڕووی داهاتی تاکە کەسییەوە ژیانی عێراقییەکان باشتربکەن، پێش ئەوەی هەوڵی بوژاندنەوەی ئابورییە داتەپیوەکەی ئێران بدەن و عێراق بکەنە پارێزگایەکی سەر بە ئێران.

لە دوای ڕووخانی بەعس بەردەوام لایەنە سیاسییە شیعەکانی هاوپەیمانی ئێران، کە زۆرینەن و پۆستی سەرۆک وەزیرانیان بەدەستە، بەردەوام هەوڵی پاشکۆیەتیی ئێرانیان داوە و لە سیاسەتی دەرەوەشدا ئەو پاشکۆیەتییە بەردەوام ڕەنگیداوەتەوە. هەتاکو شیعەکانی وەلائی ئێران لەو پۆستەدا بن مەحاڵە گۆڕانکارییەکی دڵخۆشکەر بۆ سەرجەم نەتەوەکانی عێراق بێتەدی. هۆکاری ئەوەی، کە تا ئێستا بوژاندنەوەی ناوخۆیی ڕوونەداوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێران بە حوکمی کاریگەرییە بەرفراوانەکەی لە زۆرینەی پارێزگاکان بە تایبەتی بەغدای پایتەخت تیمی مەرگی دروستکردووە، کە کاریان بریتییە لە پیشەیەکی نهێنی لە تیرۆرکردنێکی ڕێکخراو، سەرەڕای دەستگیرکردن و ڕفاندن و کوشتن، کە ئامانجی سیاسی هەیە. بۆ نموونە بۆ فشار خستنەسەر پارت و بزاوتە سیاسییەکان و جوڵە پێکردنیان بە ئاراستەکردنی سیاسەتی خۆی بەو شێوەیەی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیای ئێران دەیخوازێت **(عبدالرحمن العبيدي، ٢٠١١: ص١٠٧)**.

بەهۆی دەستوەردانە بەردەوامەکانی ئێرانەوە لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق، وای لێهاتووە حکومەتی بەغدا توانایەکی زۆر سنوردار و لاوازی لە یەکلاکردنەوەی چەندین پرسی گرنگی سیاسەتی دەرەکیی وڵاتەکە هەبێت، بەردەوام بە توانایەکی لێکهەڵوەشاوە و ڕۆڵێکی پەراوێزخراوەوە دەردەکەوێت، تەنانەت لە چالاکی ژینگە ئەمنییەکانی چوار دەوری وڵاتەکەشدا لە ئاستی پێویستدا نییە. سەرەڕای ئەوەی هەمیشە وا دەردەکەوێت، کە عێراق ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە ئاساییکردنەوەی هەندێک ناکۆکیی گەورەی مەزهەبی و سیاسی و سەربازیی نێوان سعودیە و ئێران هەیە، بەڵام ئەوە لە ڕاستیدا تەنها ڕۆڵێکی کۆپیکراوی ئێرانە، بە سیمای دەسەڵاتدارنی عێراقەوە.

سەبارەت بە هەر جۆرە سنورداریەتییەک لە کاریگەرییەکان، دەبینین بارودۆخی ئابووریی وڵات لە زۆر لایەنەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر سیاسەتی دەرەوەیدا هەیە، ئەگەر هاتوو وڵات لە خۆشگوزەرانیدا بوو، ئەوا بێگومان کاردانەوەی بەسەر هەر پێشینەیەکی سیاسەتی دەرەوەیدا دەبێت، بەڵام ئەگەر بە قەیرانێکی ئابوریدا تێپەڕبێت، ئەوە بەبێ هیچ گومانێک دەبێتە هۆی پێچەوانەکردنەوەی ئەولەویەتەکان **(غانم علوان الجميلي، ٢٠١٣: ص٤٤)**.

سەرەنجام دەکرێت بڵێین سەرجەم ئاڵنگارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بەردەم حکومەتی بەغدا سەرچاوەکەیان لایەنە سیاسییە ناوخۆییەکانی وڵاتە، کە لە شیعە و سوننە و کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە پێکدێت، کە هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان وەلائیان بۆ دەوڵەتێکی ئیقلیمی و بێگانە هەیە، پەیوەندییەکانیان بە قووڵی ڕۆچووەتە خوارەوە و زۆر ئەستەمە لە ئێستادا گۆڕانکاری لەو ستراکتۆرە سیاسییە بکرێت.

### ٣.٢ دەرفەتەکانی بەردەم سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەوەی عێراق

پرسی سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەوەی عێراق پرسێکی ئاڵۆزە، لە سەرەتای ئینتیدابی بەریتانییەوە تاوەکو ئێستا سەقامگیریی سیاسی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٢٧ هەریەک لە بەریتانیا و عێراق بۆ کەمکردنەوەی فشاری سیاسی لەسەر ڕای گشتی بیرۆکەی دروستکردنی ژینگەیەکی بەردەوامیان بە عێراقدا، کە بتوانێت حوکمی سەربەخۆییانەی سیاسەتەکانی بکات، بەڵام ئەوەش پاش ماوەیەک شکستی خوارد و سەرینەگرت (Dodge, 2006: p4).

سیاسەتی دەرەوەی عێراق تاکو ئێستا جۆرێک لە هەڵپژان و پشێوی و ناڕوونی لە ئاراستەی سیاسیدا پێوەدیارە. پێدەچێت بڕیاردەرانی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکە تەنها هۆکار نەبن لە بەردەم ئەو پشێوییەدا، هێندەی ژینگە ئیقلیمییەکە کاریگەریی بەرچاوی هەیە، لەلایەکی ترەوە سیاسەت و فشارەکانی ڕۆژئاوا لە بەرانبەردا و هەوڵە چڕەکانیان بۆ دەستێوەردان لە سیاسەتی دەرەوەی عێراق کارێکی وایان کردووە، ئەو وڵاتە نەتوانێت لە بەردەم پرسی سیاسەتی دەرەوەیدا دیدگایەکی ڕوون و پتەوی هەبێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لە بەردەم گرفت و کەموکورتیی ژینگەی نێوخۆیی وڵاتدا ناتوانێت لە کۆی گشتی پرسەکاندا سیاسەتێکی ئەکتیڤ و یەکلاکەرەوە بێت. ئاشکرایە کۆی گشتیی ململانێ سیاسییەکانی نێو لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق لەسەر بنەمای تائیفەگەری و مەزهەبی بونیادنراون، بێگومان ئەوەش لەپێناوی دەستگرتنە بەسەر کۆڵەگە و بنەماکانی دەوڵەت و حوکمڕانیدا، کە ئەو دۆخەش مانەوەی لەو قۆناغەدا لە بەرژەوەندیی ئێرانە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە، تاکو ئێستا بەستەڵەکی سیاسەتە دژ بەیەکەکانی نێو سەرجەم لایەنە سیاسییە شیعە دەسەڵاتدارەکان نەتواوەتەوە، عێراق وەک دەوڵەت سیاسەتێکی جێگیر و دیاریکراوی نییە، بەدەر لەوەش ڕەوشی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بڕیاری تاک لایەنەی سەرکردە شیعە باڵاکانی پێوەدیارە. کاریگەریی هەژموونی سیاسیی ئەمریکا تەنانەت دوای پاشەکشەی هێزەکانی لە عێراق بەردەوام هاوشێوەی کاریگەریی ئێران بەسەر سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا زاڵبووە، ئەمەش وا دەکات بۆ وڵاتێکی بریندار وەک عێراق کارێکی هەروا ئاسان نەبێت، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە ڕووە و سەربەخۆبوون هەنگاوبنێت. لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران کاریگەریی لەسەر هەندێک هێزی نێودەوڵەتی وەک ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا و ڕوسیا و چین هەیە، هەریەک لەو هێزانە سیاسەتێکی دەرەکیی

دیاریکراویان لە بەرانبەر عێراق و ئێراندا هەیە، کە خۆی لە بەرژەوەندیی هەریەک لەو وڵاتانەدا دەبینێتەوە **(شیماء محمد، سمیر صلاح، ٢٠١٦: ص٦٠٣)**.

یەکێک لە خەسڵەت و سیما سەرەکییەکانی بەردەم سەربەخۆیی سیاسەتی دەرەکیی عێراق لە ساڵی ٢٠١٣، بوونی وەبەرهێنانێکی گەورەی بیانی و چەند گرێبەستێکی بازرگانی بوو، سەرەڕای حکومەتێکی لاوازی مەرکەزی، کە تێیدا حکومەتی بەغدا توانی پلە و ڕانکی ١٦٥ لە کۆی گشتی ١٨٥ وڵات لە ڕووی ئاسانکاریی پراکتیزەکردنی بزنس بەدەستبهێنێت، کە ئەو ڕانکە دەیسەلمێنێت عێراق دەوڵەتێکی ڕێکخراوە یاخود ژینگەیەکی لەبارە بۆ کارپێکردنی کۆمپانیا ناوخۆییەکانی، بەمەش بڕی هاوردە و هەناردەی کاڵاکانیشی ئاستێکی بەرز تۆماردەکات. لە بواری بازرگانی لە ڕێی دەروازە سنورییەکانەوە لە کۆی گشتیی ئەو ١٨٥ وڵاتە توانی پلەی ١٧٩ بەدەستبهێنێت، ئەمەش گۆڕانێکی جۆری لە ڕووی بازرگانی و سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بوو **(Salem, 2013: p15)**. سیاسەتی دەرەوەی عێراق لە ساڵی ٢٠٢١ تارادەیەک گۆڕانکاری تێدا ڕوویدا، کە هەوڵ و دەرفەتێکی باش بوو، تاکو بڕیاری سیاسی لە عێراقدا بەگوێرەی بارودۆخی جیۆسیاسیی عێراق دابڕێژرێتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی گۆڕینی ململانێکان بۆ ئاشتیی سەرتاسەری لەنێو سەرجەم گرووپە سیاسییەکانی عێراق، لە پێش هەموویان لایەنە شیعییەکانی نێو بازنەی ململانێی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا. حکومەتەکەی (مستەفا کازمی) سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی سیاسەتی ناوخۆوە شکستیهێنا، بەڵام لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە سەرکەوتنێکی تا ڕادەیەک باشی بەدەستهێنا، کە بوو بە دەروازە بۆ ژمارەیەک لە پرۆژەی ئیقلیمی بە پشتبەستن بە جۆرێک لە دیپلۆماسییەت و دروستکردنی جۆرێک لە باڵانسی سیاسی لە نێوان ئێران و وڵاتە عەرەبییەکاندا. بۆیە سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی (عمار الحكيم) ڕایگەیاند حکومەتەکەی کازمی کۆتا دەرفەتی عێراق نییە، بەڵکو دەتوانین وەک دەرفەتێکی زێڕین ناویببەین **(ڕووماڵ، ٢٠٢٠)**.

ماوەی حوکمڕانی (کازمی) بە یەکێک لە دەرفەتە زێڕینەکانی بەردەم سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەوەی عێراق هەژماردەکرێت، بە دیوێکی تردا حوکمڕانییەکەی هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی بە دیوێکی پراگماتیکیدا هاوسەنگییەکی تائیفی لە ناوخۆ و باڵانسێکی سیاسی لە دەرەوە پەیڕەوبکات، کە بەراورد بە هاوپیشەکانی پێشووی توانی هەندێک بڕیاری توندی لایەنە سیاسییە شیعەکانی لایەنگری ئێران ڕەتبکاتەوە، هەندێکجاریش هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوە بکات، بەبێ ئەوەی مەیلی بە لای هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیایەکدا بچێت، سەرجەم لایەنە سیاسییە شیعەکانی خستبووە نێو دیفاکتۆیەکی سیاسی، بەوەی عێراق یان لە بەردەم هەڵوەشانەوە و دابەشبووندایە یان دەبێت دەستوەردانی دەرەکی بە تایبەت لەلایەن ئێران و میلیشیا چەکدارەکانییەوە نەهێڵرێت، یان هیچ نەبێت بە جۆرێک کەمبکرێتەوە، کە ڕۆژئاواش لەژێر کاریگەریی ئەو فشارانەی ئێراندا کێشە بۆ عێراق و داهاتە ئابورییەکەی و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە دروستنەکەن.

لاوازیی ئەدای سیاسەتی دەرەکیی عێراق بە شێوەیەکی ڕوون و بەرچاو بەهۆی ناسەقامگیری و لەیەکهەڵوەشانی بڕیاری سیاسیی عێراقە، ئەمەش سەرچاوەکەی دابەشبوونی

ناوخۆیی و پێکدادانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی نێو پارت و لایەنە  شیعەکانی وڵاتە، چونکە سەرجەم حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە، تاکو ٢٠٢٢ بە تەوافوقی سیاسی و پشک پشکێنە پێکهاتوون، کە ئەوەش بووەتە بنەمای سەرەکی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا، لەم پشکانەشدا ئێران گەورەترین سوودمەندبووە و گوتاری سیاسیی دەرەوەی عێراقیش ناڕێکییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە **(عمار أحمد رشيد، ٢٠٢٢ : ص٥٣٤)**.

لە ڕوانگەی تیۆری کۆنسترەکتیڤیزمەوە، هیچ ئەگەرێک بۆ تێگەیشتن لە جیهان بە شێوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە فەزایەکی کۆمەڵایەتیدا دروستدەبن و مانا بە خۆیان دەبەخشن، ئەمە وا دەکات جیهان شێوەی خۆی وەرگرێت و تێگەیشتنمان بۆ جیهان هەبێت. دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە شیکار بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراق لە ڕێگەی لایەنە سیاسییە شیعەکانەوە لەگەڵ ئێران بکەین، کە لە فەزایەکی مەزهەبگەراییی شیعیدا توانیویانە ئەو تێگەیشتنە هاوبەشە دروستبکەن، لەسەر بنەمای جۆرێک لە بەها و بنەمای هاوبەش لە نێوانیاندا، کە ئەمەش وا دەکات ئێران لە ڕێگەی میلیشیا و لایەنە سیاسییە شیعەکانی لایەنگری ئێران و دڵسۆزی بۆ ویلایەتی فەقیە، بتوانن دۆخی ئاسایش و سیاسیی وڵاتەکە بخەنە ژێر هەژموونی خۆیان، کاریگەری لەسەر پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق دروستبکەن، کە دواجار ئەم دەستێوەردانەش دەرفەتی سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەوەی عێراق لاوازدەکات و بەرەو نەمانی دەبات.

## ٤. ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک، کە لە خوارەوە ئاماژەمانپێداوە:

– عێراق لە داڕشتنی بڕیاری گرنگ و ستراتیژی لە ئاستی دەرەوەدا وڵاتێکی لاوازە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی دوای ڕووخانی ڕژێم دروستبووە. هەمیشە ئەو لایەنە شیعانەی لە دەسەڵاتدابوون سوود و بەرژەوەندیی خۆیان پێش بەرژەوەندیی نەتەوەیی خستووە. دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوخۆی عێراق بە تایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکان و دوای هەڵبژاردنەکاندا، بە دانانی ئەو کەس و لایەنانەی، کە لە ناوەندە سیاسییە گرنگەکانی وڵات بۆی دڵسۆزن، لەلایەکەوە بووەتە هۆی پتەوبوونی پەیوەندییەکانی ئەم لایەنانە و تاران، لە لایەکی دیکەوە بووەتە هۆی کۆنترۆڵکردنی سیاسەتەکانی ناوخۆی عێراق لە بەرژەوەندیی ئێراندا.

– لە ڕوانگەی تیۆری کۆنسترەکتیڤزمەوە، شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەمای ناسنامە سەرەتا دەبێت گرنگی بە سەرچاوەی ناسنامە بدرێت، چونکە ئەم ناسنامەیە دەرخەری داخوازی و بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی ئەم سیستەمە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدایە، بۆیە بەرگریکردن لەم ناسنامەیە لە پێشینەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی هەر سیستەمێکە، چونکە ڕەوایەتی بە هەڵسوکەوتی ئەم سیستەمە لە ژینگەی دەرەوەدا دەدات. دەکرێت بڵێین لەسەر ئەم بنەمایە لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق لە سیاسەتی دەرەوەیان

بەرانبەر ئێران لەسەر بنەمای ناسنامەی مەزهەبگەرایی شیعە و فقهی شیعە ڕەفتاردەکەن، بۆیە هەوڵدەدەن بەرگری لە ناسنامەی شیعەبوونی خۆیان لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بکەن.

– شوناسی مەزهەبی لە عێراق سەرجەم کایەکانی گرتووەتەوە، بە جۆرێک کە لایەنەکان بەسەر چەند بیروباوەڕێک دابەشبوون، لە کاتی دەنگدانیش هاوولاتی هێندەی خەمی شوناسە مەزهەبییەکەیەتی ئەوەندە لە خەمی شوناسی نەتەوەیی خۆیدا نییە، ئەمە نەک بە تەنها لە ڕووی سیاسی، بەڵکو لایەنی سەربازیشی گرتووەتەوە، بە تایبەتی لە دوای هاتنی داعش، کە هێزێکی وەک حەشدی شەعبی هەڵوێستی مەزهەبییان لە بەرانبەر سوننە هەیە.

## ٥. ڕاسپاردەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینەڕوو:

– لاوازی ئەدای سیاسەتی دەرەوەی عێراق، سیاسەتی ناوخۆ، خراپیی بارودۆخی ناوخۆی عێراق پێویستی بەوەیە، کە دووبارە حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز لەسەر بنەمایەک بنیادبنرێت، کە لە پشکی تائیفی بەدووربێت، بەشداریکردنی هەموو نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان بەبێ پشتگوێخستنی مەزهەب و لایەنێکی دیاریکراو.

– کارکردن بۆ بنیادنانی عێراقێکی سەربەخۆ و سەروەر، دوور لە توندوتیژیی مەزهەبی و نەتەوەیی، بەرژەوەندیی کەس و لایەنێکی دیاریکراو. هەروەها ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و نیشتمانی لە سەروی هەموو شتێکەوە. کارکردن بۆ گۆڕینی گوزەرانی خەڵک بۆ ئاستێکی زۆر بەرز، ئەویش بە دابەشکردنەوەی سامانی نیشتمانی بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەر دوور لە گەندەڵی و خزمەتکردنی چەند لایەن و مەزهەبێکی دیاریکراو.

– ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ولاتانی دراوسێ بە شێوەیەکی هاوسەنگ، کە خزمەت بە بەرژەوەندیی نیشتمانی عێراق بکات. نەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە سیاسەتەکانی ناوخۆ، سەروەریی خاکی عێراق. دووبارە بنیادنانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی عەرەبی.

– هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ولاتانی دراوسێ و ولاتانی جیهان بە جۆرێک نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەجێندای هیچ لایەنێک. هەروەها کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی عێراق.

پەراوێزەکان:

١. (Klotz) پرۆفیسۆر لە زانکۆی سیراکیوز لە ئەمریکا. لێکۆڵینەوەکانی ئێستای لەسەر ناسنامەی دەوڵەت و سیاسەتەکانی کۆچبەریی لە باشوری ئەفریقا و کەنەدا و ئوسترالیا بەراوردەکات. (Lynch) پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی کالیفۆرنیا. ئەم دوو نووسەرە کتێبێکی هاوبەشیان لە ساڵی ٢٠٠٧ بە ناونیشانی ( Streategies for research in constructivist international relations) نووسیوە.

٢. نیکۆلاس ئونف لەدایکبووی ١٩٤١، زانایەکی ئەمەریکییە لە ئێستادا پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی نێودەوڵەتی فلۆریدا. سەرنووسەری دەستەی

کۆمەڵناسیی سیاسیی نێودەوڵەتی و هاوکاری و ململانێ و دەقی ناوەکییە. تویژەرێکی کۆنسترەکتیڤیزمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، بە دەستەواژەی کۆنسترەکتیڤیزم متمانەپێیدراوە.

٣. ئەلکساندەر ونت زانایەکی سیاسیی ئەمەریکییە لە ساڵی ١٩٥٨ لەدایکبووە، یەکێکە لە تویژەرە سەرەکییەکانی کۆنسترەکتیڤیزمی کۆمەڵایەتی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

٤. (Kenneth Waltz) زانایەکی سیاسیی ئەمریکی بوو لە ساڵی ١٩٢٤ لەدایکبووە. یەکێکە لە زانا دیارەکانی بواری پەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان، سەربازی دێرینی هەردوو جەنگی دووەمی جیهانی و جەنگی کۆریا بووە. لەساڵی ٢٠١٣ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە.

٥. ستیڤان وۆلت لە ١٩٥٥ لەدایکبووە. پرۆفیسۆری زانکۆی هارڤاردە. لە ساڵی ١٩٨٧ ئەم تیۆرەی پەرەپێداوە بە ناوی (The balance of threat theory) تیۆری هاوسەنگیی هەڕەشەکان. ئەو هۆکارانە دەخاتەڕوو کە دەوڵەتەکان هاوپەیمانی لە دژی هەڕەشەیەکی دیاریکراو پێکدەهێنن. بیرۆکەیەکی سەرەنجڕاکێشە بۆ یارمەتیدان لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری دەوڵەتان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان

### ٦.١ زمانی کوردی


- ئەنوەر حسێن (٢٠٢١)، *هەژموونی هیلالی شیعی لە خۆرهەڵاتی ناوەراست*، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئایدیا.
- بروا کەمال (٢٠٢٠)، *لە دوای کوشتنی قاسم سولیمانی پڕۆژەی هیلالی شیعە چی بەسەردێت؟*، بەرواری سەردانیکردن ٢٨-٤-٢٠٢٣: https://www.shanpress.com/details.aspx?jimare=23106.
- بەختیار عەلی (٢٠٢١)، *لەدەستدانی ئاسمان*، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
- بەرزان مەلا تەها (a٢٠١٨)، *سوننەکانی عێراق لە نێوان زەقکردنەوەی شوناسی مەزهەبی و زاڵبونی توندوتیژی تایفی* (ئۆنلاین)، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/٨: https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5297.
- بەرزان مەلا تەها (b٢٠١٨)، *میراتی تایفەگەری و هەڵاواردنی مەزهەبی لە عێراق*، (ئۆنلاین)، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٠/١٢/٤: https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5276

- پەرویز ڕەحیم قادر (٢٠٢٠)، *سیاسەتی دەرەکی و ناسنامە*، هەولێر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- جلیل عەباس نادر (٢٠١٨)، *ناسنامە*، (ئۆنلاین)، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/٤: http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/537-2018-09-02- .
- شێرکۆ کرمانج (٢٠١٦)، *شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبیەکان*. چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.
- شەماڵ حسێن (٢٠١٨)، *پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان*، چاپی دووەم، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر.
- عزیز شێخانی (٢٠١٧)، هاوکێشەی مافی مرۆڤ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، (ئۆنلاین)، *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ٦٩٦، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/٣/٩: https://kurdistanukurd.com/?p=17357.
- فارس عومران، (٢٠١٩)، *ئێران برەو بە تائیفیەت دەدات لە عێراق بۆ فراوانکردنی هەژموونی*، (ئۆنلاین)، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/٤: https://diyaruna.com/ckb/articles/cnmi_di/features/2019/07/04/feature-01
- فەرهاد مەحەمەد (٢٠١٨)، *خەونی شیعەی عێراق لە بازنەی حوکمڕانییەکی سەرکەوتودا*، (ئۆنلاین)، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٢/١٢/٤: https://kurdistantv.net/ku/opinions/155373.
- هاوڕێ حەسەن حەمە (٢٠٢١)، تیۆری کۆنسترەکتیڤیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، *ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان*، سلێمانی.
- یاسین ئاشور جەوهەر (٢٠١٩)، قووڵبونەوەی شوناسیە لۆکالیەکان و کاریگەریی لەسەر بونیادنانەوەی عێراقی نوێ لەدوای ساڵی٢٠٠٣. (*JUG Special Issue*) ٤٧٣-٥٠٠.
- رووماڵ (٢٠٢٠)، عمار ئەلحەکیم: حکومەتەکەی کازمی کۆتا دەرفەتی عێراق نییە، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٣/٨/٢٧، https://rwmal.net/21832/.


## ٦.٢ زمانی عەرەبی


- أسامة شحادة (٢٠٠٨)، *المشكلة الشيعية*، الطبعة الثانية، مصر، مكتبة الراصد: الناشر دار الاسلام.
- رقولي كريم و غليسي أحلام (٢٠٢١)، دور المتغيرات الاقليمية في رسم و توجيه السياسة الخارجية العراقية بعد الاحتلال الامريكي، *مجلة الناقد للدراسات السياسية*، المجلد ٥، العدد ٢، الجزائر.

- سعد عبيد السعيدي وآخرون (٢٠١٨)، *السياسة الخارجية العراقية بعد عام ٢٠١٤*، الطبعة الاولى، برلين، المركز الديمقراطي العربي.
- السيد أبو داود (٢٠١٤)، *تصاعد المد الايراني في العالم العربي*، الطبعة الاولى، السعودية، مكتبة العبيكان.
- شفق نيوز (٢٠٢٢)، فورين بوليسي: العراق علي شفا حرب أهلية شيعية، (انلاين)، تاريخ الزيارة ٢٠٢٣/١/٢٣: https://shafaq.com/ar/%D8%AA%D9%82%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%B1-
- شمال حسين (٢٠٢٠)، *العلاقات الدولية*، الطبعة الاولي، مكتب تفسير.
- شيماء محمد و سمير صلاح (٢٠١٦)، القوى الدولية المؤثرة في العلاقات العراقية- الايرانية، *مجلة كلية التربية الاساسية*، المجلد ٢٢، العدد ٩٦، بغداد.
- عبدالرحمن العبيدي (٢٠١١)، العلاقات العراقية الايرانية في ظل الاحتلال الامريكي للعراق (٢٠٠٣-٢٠١١)، *رسالة ماجستير*، جامعة الشرق الاوسط، كلية الآداب والعلوم، الاردن.
- عمار أحمد رشيد (٢٠٢٢)، تأثير البعد الأمني في السياسة الخارجية العراقية بعد عام ٢٠١٤: تنظيم داعش أنموذجا، *مجلة المعهد*، العدد ٨، موصل.
- غانم علوان الجميلي (٢٠١٣)، *السياسة الخارجية*، الطبعة الاولى، بيروت مطبعة كركي.
- محمد حسين الوحيلي (٢٠١٦)، *العلاقات العراقية الايرانية بعد عام ٢٠٠٣*، الطبعة الاولى، عمان، دار الجنان للنشر والتوزيع.
- ياسر عبدالحسين (٢٠١٥)، *السياسة الخارجية الايرانية*، الطبعة الاول، بيروت، شركة المطبوعات للنشر والتوزيع.


## ٦.٣ زمانی فارسی


- ابو محمد عسكر خانى، جهانشير منصور مقدم (٢٠١٠)، همكارى منازعه در روابط بين الملل نگاهى به نظريه سازه‌انگارانه (الكساندر ونت) *فصلنامه سياست*، شماره ٣٥.
- جام جم انلاين (٢٠١٥)، روحانى: *به دنبال قمر اسلامى هستيم نه هلال شيعى*، (انلاين)، بازديد ٢٨-٤-٢٠٢٣: https://jamejamonline.ir/fa/news/826117/%D8%B1%D9%88%D8%AD%D8%A7%D9%86%DB%8C- .

- جيهان نيوز (٢٠١٥)، *منظور سران اعراب از هلال شيعى چيست*، (انلاين)، بازديد ٢٩-٤-٢٠٢٣: https://www.jahannews.com/analysis/423586/%D9%85%D9%86%D8%B8%D9%88%D8%B1-%.
- حميرا مشيرزاده (٢٠١٢)، نظريه سازەانگارى متعارف و پژوهش در روابط بين الملل و استلزامات پژوهشى، *دوفصلنامه علمى-(پژوهش سياست نظرى)*، شماره ١٢.
- صديقه حسينى (٢٠١٩)، *جيگاه قدرت در نظريات سازەانگارى متعارف و سازەانگارى راديكال*، (انلاين)، بازديد ٨-٣-٢٠٢٢: http://www.jomhornews.com/fa/article/113690/.
- *فرمانده سپاه ايران هلال شيعى در حال شكل گيرى است*، (انلاين)، بازديد ٢٨-٤-٢٠٢٣: https://fa.kurdistanukurd.com/?p=1125.
- محمد، امير محمدى، *نظرية سازەانگارى*، (انلاين)، پايگاه تخصصى سياست بين الملل (INPO) ٦-٤-٢٠٢٢: http://political.ir/post/339 .
- ويكى شيعه، *هلال شيعى* (انلاين)، بازديد ٢٨-٤-٢٠٢٣: https://fa.wikishia.net/view/%D9%87%D9%84%D8%A7%D9%84_%D8%B4%DB%8C%D8%B9%DB%8C.
- يحيى معروف (٢٠١٣)، ويژگى هاى جغرافيايى قلمروهاى شيعەنشين (هلال شيعى)، *فصلنامه علمى-پژوهشى مطلعات انقلاب اسلامى*، سال دهم، شماره٣٣.


### ٦.٤ زمانی ئینگلیزی


- Dodge, Toby (2006), *The British Mandate in Iraq, 1914-1932*, Middle East Online: Iraq, Cengage Learning.
- Jackson, Robert and others (2007), *international relation*, third edition, oxford.
- Klotz, Audie and others (2007), *Streategies for research in constructivist international relations*, London and new york, Routledge Taylor and Francis group.
- MENGSHU, ZHAN (2020), A Brief Overview of Alexander Wendt's Constructivism, *E-international relation*.

- Salem, Paul (2013), Iraq’s tangled foreign interests and relations, Carnegie Middle East center, *Carnegie Endowment for International Peace*.
- Wendt, Alexander (1992), Anarchy is whet states make of it: The Social construction of power politics, *international organization*, Vol46, no.2.
- Wendt, Alexander and his critics (2006), Guzzini, Stefano (Editors) *constructivism and international relations*, London and new york.
-



ملخص:

خصص هذا البحث لمناقشة طبيعة العلاقات بين العراق وإيران وتفاعلها ونتائج السياسة الخارجية العراقية تجاه إيران تحت تأثير الأحزاب الشيعية العراقية. وقد حاولنا في هذا البحث تقديم تحليل واقعي وواقعي من خلال النظرية البنائية. ومن الجوانب البارزة في البحث التركيز على هوية وقيم وأعراف المذهب الشيعي ومرجعية قم والنجف. على الرغم من أنه في الإطار النظري لبحثنا، تم إيلاء أهمية كبيرة لهوية ومصطلح المحافظة، مع معالجة هذا المفهوم فيما يتعلق بالعلاقات الدولية.

إن الحديث عن الأحزاب الشيعية في العراق وتعدد وتنوع الطوائف المختلفة في العراق التي كان لها الأثر الكبير على سياسة البلاد الخارجية، وخطوطها العامة، وحددت العلاقات الاستراتيجية والاقتصادية والجيوسياسية مع إيران، لذلك حاولنا أن الحديث عن ذلك بجدية. جانب رئيسي آخر من مناقشتنا هو تسليط الضوء على مستقبل السياسة الخارجية العراقية في ظل هيمنة الأحزاب السياسية الشيعية، وانعكاس الهوية الشيعية على اتجاهات السياسة الخارجية العراقية، وخلق الهلال الشيعي، وهذا هو الهدف الرئيسي للدراسة . وفي نهاية الدراسة توصلنا إلى عدة استنتاجات أهمها أن الهوية الطائفية في العراق قد غطت كافة المجالات، بحيث تنقسم الأحزاب إلى عدة معتقدات، وعند التصويت يكون المواطنون أكثر اهتماماً بهويتهم الطائفية. من هويتهم الوطنية.